# ئامێری مۆبایل و ئەنفالی جەستە!!





**یوسف عوسمان حەمەد**
**پسپۆرانی دەروونزانی**

هیچ کاتێک سوودەکانی ئامێرەکانی مۆبایل تەواو نابێت چونکە رۆژ بە رۆژ داتای تر لەو ئامێرەدا سەر هەڵدەدات جگە لەوەی هێڵی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و رادیۆ و سەتەلایت لەو ئامێرە بچووکەدا کۆکراونەتەوە، ئەوا کۆمپانیای نۆکیا سەرقاڵی ئەوەیە کە مۆبایلی پزیشکی دابهێنێت ئەو ئامێرە مۆبایلە بەردەوام چاودێری تەندروستیت دەکات لە فشاری خوێن و رێژەی شەکرە و لێدانی دڵ و ئەنزیمە رژێنەکان وە ئاگادارت دەکاتەوە لە تێک چوونی هاوسەنگی و چارەسەرکردنی کت و پڕ و چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن ئەمە گەورەترین بەرهەمی عەقڵی مرۆڤایەتیە، بۆیە سوودەکان نایەتە هەژمار کردن بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە لە بەرامبەردا هیچ زیانێکی نیە یاخود حاڵەتی نەگەتیڤی نیە نەک خودی ئامێرەکە بەڵکو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی و عەقڵیەتی کارپێکردنی، بۆ نموونە ئەو ئامێرە بۆتە هۆی گواستنەوەی گرتە و فلیمی رووت لە نێوان هەردوو رەگەز بە تایبەتی توێژی گەنجان بەمەش کاری لادان زیادی کردووە، کە کچێک باس لەوە دەکات چۆن بەهۆی گرتەی مۆبایل کورە دراوسێیەکەی بانگ کردۆتە ژوورەکەی خۆی لە دوای نیوەشەودا کاری سکسیان ئەنجامداوە بەردەوام بووە تا لەناکاو کورە وێنەی رووتی گرتووە و بەردەوام هەرەشەی لێکردووە دەبێ هەموو شتێکی بۆ بکات تا

کار گەیشتۆتە ئەوەی داوەتی هاوڕێیەکانی بکات بۆ ئەم کارە. ڕێژەی لادانی سکسی لە ڕێگای مۆبایل زیادە کردووە بە تایبەتی لە نێوان کەسانی نزیک بە یەکتری یاخود سیڤ کردنی گرتەکان و لێدانەوەی بە بەردەوام وەکو کاتێکی زۆر بەم سەیرکردنە لە دەست دەچێت یاخود وێنەگرتنی خۆی بە ڕووتی بۆتە حاڵەتێکی ئاسایی. کە چەندان کەس لەسەر ئەم کارە کوژراون یاخود بۆتە هۆی جیابوونەوەی هاوسەران ، هەروەکو ئەو کوڕەی دایکی بە ڕووتی لە ڕێگای مۆبایلەوە گرتووە بۆ وەستایەکەی بردووە تاوەکو وەستایەکەی لەکار دەری نەکات، یاخود ئەو گەنجەی کە هاوڕێیەکەی لە کەسێکی تری وەرگرتووە نازانێت خوشکی ئەو کەسەیە ئەمە جۆرێکە لە سووکایەتی پێکردن و بێ ڕێزی بەرامبەر جەستە دروست دەکات. ئەنفالی جەستە دەکەن بە هەردوو شێوەکەیەوە بە شێوەی ڕۆحی لە جوانیەکانی جەستە ناشیرن دەکەن و دەیشێوێنن وە شێوەی بەدەنی کە بازرگانی پێوەدەکەن و لە نێوان یەکتری



دەیگۆڕنەوە نەک بۆ ئەوەی چێژ لە جوانی وەربگرن، بەڵکو حاڵەتێکی سلبی دروست دەکات ئەویش نەبوونی متمانە و باوەڕ بە بەرامبەرەکەت و هەندێ جار گومان لە کەسێک دەکرێت کە ئامێری مۆبایلی پێشکەوتووی هەبێت یاخود باوکێک نایەوێت بەهەر بیانوێک بێت مۆبایل بۆ کچەکەی بکرێت چونکە هەست دەکات لە ڕێگای ئەو مۆبایلەوە جەستەکەی هەراج دەکرێت بۆیە هەزم نەکردنی تەکنەلۆژیا دەبێتە ئافاتێکی گەورە بۆ لەناوبردنی جەستە و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانی ناوخێزان و سوکایەتی کردن و بە پیرۆزی بەهایەکانی تاک. چونکە لە ڕووی هاوکاتی واتە زەمەنیان هاوتا نەبوون دەبێتە هۆی بەد حاڵیبوون لە بەکارهێنانی و بە زەرەر تەواو دەبێ وە ئەگەر عەقڵیەتی لە خزمەتی پێشکەوتن نابێت، باشترین حاڵەت ئەوەیە هەردووکیان عەقڵ و تەکنەلۆژیا لە یەک زەمەن بن و هاوتای یەکتر بن و یەکتری قەبوڵ بکەن بۆ ئەوەی کارەساتی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت .

## تەلەفۆن کورتکردنەوەی ماوەکانە دەتۆش بۆ هەمان مەبەست بەکاری بهێنە